# نا بۆرفاندن و چاوترساندنی هاولاتیان
# نا بۆ رەفتارە نارەواکانی هێزەکانی ئاسایشی سلێمانی

هەژدەساڵ بەرلەئێستا, دەوڵەتی بەعسی فاشی شاڵاوەکانی ئەنفالی دەرهەق بەگەلەکەمان ئەنجامدا, ئەمڕۆژانەش هێزەکانی سوپای تورکیا(14)گەریلای هێزەکانی پاراستنی گەل کە خەڵکی هەر چوار پارچەی کوردستان بوون بە چەکی کیمیایی شەهید کرد, گەلی کورد لەشاری ئامەد (دیار بەکر)ی باکوری کوردستان لە (ڕێورەسمێکی) شکۆداردا تەرمی چوار گەریلای ئەم شارەیان بەخاك سپارد, بەڵام هێزەکانی سوپای تورکیا ئەو رەوشەیان پێ هەزم نەکراو هێرشیانکردە سەرگەل و تەنیا لەشاری ئامەد (13) هاوڵاتی کوردیان شەهید کرد کەمنداڵی سێ (3) ساڵ و (5) پێنج ساڵیشیان تێدا بوون,ئەم رەفتارەی دەوڵەتی تورکیا لەلایەنی هەموو کوردستانیانەوە مەحکوم و شەرمەزارکرا و یەکێتی ئەورووپاش نیگەرانی خۆی لەسەر ئەو رەفتارانە خستەرو و داوای رونکردنەوەی لەحکومەتی تورکیا کرد.

هەرلەهەمان چوارچێوەدا, (بەرێوە بەرایەتی) رێکخستنی سلێمانی پارتیمان و چەندین رێکخراو و کەسایەتی دیموکراتیخوازو (نیشتمان پەروەر) بۆ شەرمەزارکردنی هەڵوێستی دەوڵەتی تورکیاو مەحکومکردنی تاوانەکانی ئەنفال, کۆمیتەیەکیان ئاواکرد بۆ سازدانی رێپێوانێکی هێمنانە بۆبەردەم ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، ئەوە بوو لەبەرواری(4/6)دەزگا پەیوەندیدارەکانیان بەسەرکردەوە, دوای دەستی دەستی یەکی زۆر دواتر پارێزگای سلێمانی مۆڵەتی بەئەنجامدانی (رێپێوانە کەداو) وەزارەتی ناوخۆش بە کارێکی ئاسایی بینی و ئەنجومەنی وەزیرانیش گووتیان بڕۆن بەزارەکی (بەشەفەوی) وەڵامتان لێدەگێڕینەوە و دواتر بەرێزان (عەبدول وەهاب ئەحمەد و مامۆستا بەهادین مەحمود) کەئەندامی ئامادەکاری رێپێوانەکە بوون, لەبەرواری 12\4 کاتژمێر پێنج و نیوی (پاش نیوەڕۆ) لەلایەن (مەفرەزەیەکی) چەکدارەوە لەکاتی چوونەوەیان بۆماڵەوەیان لەپێش چاوی خەڵکەوە هەردوکیان دەرفێنن و ئاسایشی گشتی و مودیریەی پۆلیسی سلێمانیش بێئاگایی خۆیان راگەیاند دەربارەی کێشەکەو هەتاکو ئامادەکردنی ئەم (بڵاو کراوەش) چارە نووسیان نادیارە.

سەرەرای هەموو کۆسپەکان کۆمیتەی ئامادەکار سووربوون لەسەر ئەنجامدانی رێپێوانەکە, بەڵام هێزەکانی ئاسایش بەدارو قۆنداخە تفەنگ بەربوونە گیانی خەڵکەکەو سەری چەندین کەسیان شکاندو بڵاوەیان بەخەڵکەکە کرد، بەدەیان ئەندامی پارتیمانیان لە ناویاندا سەرۆکی گشتی پارتیمان بەرێز(دکتۆر فایەق محەمەد کوڵپی)شی تێدایە بەشێوەیەکی ناشایستەو بەزەبری دارو کوتەك بەرەو ئاسایشیان پێچانەوە, هێزەکانی ئاسایش تەنانەت بەزیندانیکردنی منداڵێکی دووساڵانەش و وەکچێکیش لەئەنجامی لێداندا لەهۆش خۆی چوو بوو بەو(ڕەو شەوە) راپێچی زیندانیانکرد.

بۆیە وەکو پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان رەفتاری هێزەکانی ئاسایش بەتووندی ریسواو شەرمەزار دەکەین، داوای ئازادکردنی دەست بەجێی گیراوەکان بەگشتی وبەتایبەتی بەرێز (دکتۆر فایەق

**محەمەد گوڵپی) دەکەین« هەروەها داوای دیاریکردنی چارەنووس‌و  ئازادکردنی هەڤاڵانمان (عەبدول وەهاب ئەحمەد و مامۆستا بەهادین مەحمود ) بەزووترین کات دەکەین. بەپێویستی دەبینین ئاسایشی سلێمانی بە هەڵوێستە نادیموکراتی و رەفتارە ناشایستە کانیاندا بچنەوەو داوای لێبووردن لەجەماوەر و پارتەکەمان بکەن و دوو پاتیشی دەکەینەوە کە ئەم جۆرە رەفتارە نامەسئولانەی هێزەکانی ئاسایش بەپێچەوانەی ئامانجەکانیانەوە نەك لایەنگران‌و ئەندامانی پارتیمان سارد دەکاتەوە, بەڵکو سورترمان دەکات لەسەر جێبە جێکردنی ئەرکەکانمان.**

**دووبارە هەڵوێستی هێزەکانی ئاسایش کەبێ ڕێزییە بەرامبەر بەگەل و پێشێلکردنی مافی رادەربڕین‌و رای ئازادە مەحکوم دەکەین و بەمافی خۆشمانی دەزانین کە لەرێگای چالاکی دیموکراتیانەوە رووبەروی ببینەوە,هەروەها قەدەغەکردنی بینینی هەڤاڵان و لایەنگرانمان‌و تەجرید کردن‌و دادگایی کردنیان بەکارێکی ناڕەواو بەدەر لەیاسا دادەنێین‌و لەجێی ئەوان پێویستە هێزە تێکدەرەکانی ئاسایشی سلێمانی دادگایی بکرێن،داواش لەلایەنە سیاسیە دیموکراتخوازەکان و کەسانی رۆشنبیرو وڵات پارێزو جەماوەری گەلەکەمان دەکەین کە چیتر لە ئاست ئەم رەفتارانەی دەوڵەتی فاشی تورك و هێزەکانی ئاسایشی سلێمانی بێدەنگ نەبن.**

- **نا بۆ ژینۆسایدی گەلی کوردو تێکۆشەرانی**
- **نەفرەت لەئەنفالچی و بەکرێگیراوەکانیان**
- **نا بۆ رفاندن و بێ ڕێزی بەرامبەر بەهاوڵاتیان**

***مەکتەبی سیاسی***

***پارتی چارسەری دیموکراتی کوردستان***

***هەژدەهەمین ساڵوەگەری ئەنفال***